# پێکەوە کۆ ببنەوە لەسەر خواردنەکەتان، وناوی خودای لەسەر بهێنن؛ بۆئەوەی بەرەکەت بە ئێوە ببەخشرێت تێیدا

لە وەحشی کوڕی حەربەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (هەندێك لە هاوەڵان) ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئێمە خواردن دەخۆین بەڵام تێر نابین؟ ئەویش فەرمووی: «لەوەیە ئێوە بە جیا خواردن بخۆن؟» ووتیان: بەڵێ، فەرمووی: «پێکەوە کۆ ببنەوە لەسەر خواردنەکەتان، وناوی خودای لەسەر بهێنن؛ بۆئەوەی بەرەکەت بە ئێوە ببەخشرێت تێیدا».

[حەسەنە]

هەندێك لە هاوەڵان پرسیاریان لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتیان: ئێمە خواردن دەخۆین بەڵام تێر نابین؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: لەوەیە لە کاتی خواردندا جیا ببنەوە؛ وهەرکەسێکتان بە تەنها خواردن بخوات؟ ووتیان: بەڵێ. فەرمووی: هەمووتان پێکەوە کۆ ببنەوە وخواردن بخۆن ولە یەکتر جیا مەبنەوە، وناوی خودا بهێنن لەکاتی خواردندا ئەمیش بە ووتنی: (بسم الله)؛ بۆئەوەی بەرەکەت بە ئێوە ببەخشرێت تێیدا وتێریش ببن.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4212

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee